## هەڵبژادنی سەرتاسەری، عێراق بەرەو نشێوی دەبات نەک هێمنی

دکتۆر ڕێبوار فەتاح

نزیکەی دوو مانگی ماوە بۆ هەڵبژارنەکانی کوردستان و عێراق. تا ئێستا چەند پرسێکی بنەڕەتی بێوەڵامن. هەندێک لە وەڵامەکانیش نازانرێ راستن یان چەوت. ئەوەتا پارتی دیموکراتی کوردستان، هەواڵەکان بە درۆدەخاتەوە، رایدەگەیەنێ کە هیچ بەڵگەنامەیەکی مۆرنەکردووە بۆ داواکاری دواخستنی هەڵبژاردنی جەنیوەری بۆ 6 مانگی دواتر. دەبوایە چەند مانگێک پێش ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانرایە. کەچی تا ئەمڕۆش تەنانەت ئەندامانی باڵای حزبەکانیش وەڵامیان لەلا نیە، چاوەنواڕی ڕێنوومایین لە سەرکردەکانیانەوە. ئایا کێ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەزانن:

- کێ پرۆسە – یان قانوونی – هەڵبژرادنەکانی (کەنسڵەکان، کوردستان و عێراقی) دیووە؟
- کێ گفتەکان (پرۆگرام یان مانۆفێستی) هەڵبژاردنی پدک، ینک یان هەر حزبێکی تری دیووە؟
- کێ دەزانێ پدک و ینک بەیەکەوە بەشداری هەڵبژاندنی عێراق دەکەن یان بەجودا؟

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیمکراسیە کە چەند ئامانجێک دەپێکی. یەکێک لەوانە، رادەستکردنی دەستەڵاتە بۆ خەڵکی. بەمەش خەڵکی هەست دەکەن کە بەشێکن لە سیستەمی دەستەڵاتی سیاسی-کۆمەڵایەتی، بەشداری بڕیارن. هەرچی هەڵبژاردنی سەرتاسەری عێراقە، گەلانی عێراقی نیگەران کردووە، بەوەی کە هەموو دەترسن لەوەی دەستەڵاتیان لەدەست بچێ، بخرێنە پەراوێزەوە.

دیموکراسی تەنیا پرۆسەی دەنگدان نیە. دەنگدان لە زۆر وڵات و ناوچەی جیهاندا تەنیا چاوبەستە بۆ ئەوەی دیکتاتۆران بە دیموکراسی ببینرێن. گەلانی ناو چێوەی ئەمڕۆی عێراق شارەزای ئەم *پرۆسەی پاسەوارکردنی دیکتاتۆرە* هەن. بۆچی گەلانی ناو چێوەی عێراق نیگەرانن؟

کوردان (نزیکەی لەسەدا 30ی عێراقنشینەکانن) نیگەرانن لەوەی ئەو ئازادیەی لە پارچەیەکی باشووری کوردستاندا لە 1991ەوە بەرقەرارە لەدەستیان بچێ. کەمینەی عەرەبی سوونە (نزیکەی لەسەدا 12ن) کە لە 1921ەوە سەرپشکی عێراقن، گوومانی تێدا نیە گچکە دەبنەوە و دەستەڵاتیان کەمدەبێتەوە. شیعەی عەرەب (نزیکەی لەسەدا 60ن)، گەر هەموو یەکدەنگ بن، رەنگە ببنە زۆرینەی پەڕلەمانی عێراق. ئەمەش گەلێک گرفت و کێشە دەهێنێتە کایەوە. کورد و سوونەی عەرەب حوکمی شیعە بە رەوا نازانن. بۆچی شیعەی عەرەب حوکمی سوونەی عەرەب و کورد بکات؟ ئایا بۆ کورد جودایی چیە لەنێوان حوکمی شیعە و حوکمی دەیان ساڵەی سوونەدا؟ هەڵبەت پەڕلەمانێکی لەمجۆرە نەزۆک دەبێ، ناکارێ. عێراقیش بەرەو نشێویەک دەبات کە لە سەدەی پێشووەوە باڵی بەسەر عێراقدا گرتووە.

با جارێ کێشەی کورد بخەینە لاوە. هیچ رەواییەکی تێدا نیە کە داوا لە عەرەبی سوونە بکرێ بۆ ئەوەی دەنگ بۆ دامەزراندی دەوڵەتێکی شیعە بدات. کێ جەلادی خۆی هەڵدەبژێرێ؟ خۆ رەنگە شەڕی خۆکوژی "سێگۆشەی سوونە"، بە فەلووجەشەوە، بەشێک بێ لە داکۆکیکردن لە دەستەڵاتی پەراوێزکراوی عەرەبی سوونە.

بۆچی چاوەنواڕ بکرێ کورد دەنگ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی بدات لە عێراقدا. لەبەر چەندین هۆکار، کێشەی کورد لە کێشەی سوونە زۆر قووڵترە. خۆ رەنگە یەکیەکیان ئەوە بێ کە کورد لە رەگەزێکی جودایە، زمان، کلتوور و ئاینەکانی تایبەتە بەخۆی. تەنانەت ئەو شێوازانەش لە ئیسلام کە کورد لەخۆی گرتووە، ئەوانەی عەرەب نین. خۆ رەنگە لەژێر حوکمی سوونە یان شیعەدا، کلتوور و زمانی عەرەبی بخەملێ، بەڵام ئەوانەی کوردی تێدا دەچێ. ئیدی بۆ چاوەنواڕ بکرێ کورد دەنگ بە داڕشتنەوەی دەوڵەتی عێراق بدات!

گرفتی تریش زۆرن. کلتووری شیعە و سوونەی عەرەب ناتەبان لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی و کۆمەڵگای سیڤیلدا. بۆ نموونە، شیعە بەگوێی مەرجەعە (سەرچاوەی بڕیار و قانوون) دەکات. گەر پەڕلەمانێکی زۆربە شیعە لە عێراقدا دابمەزرێ، بڕیار لەدەستی پەڕلەماندا نابێ، بەڵکو هەموو ئەندامانی پەڕلەمان چاویان لەدەمی چەند مەرجەعێکی وەک سستانی دەبێ. هەڵبەت ئەم کلتووری خۆیانە و دەبێ ڕێزی لێبگیری، بەڵام ئایا کورد دەتوانێ لە پەڕلەمانێکی ئەزۆکی لەم جۆرەدا بەشداری بکات؟

عێراق هەرگیز یەکپارچە نەبووە و بەیەکپارچەش ناکرێ. لە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان دەبێ گەر عێراق دابەشبکرێتەوە بۆ ئەو سێ بەشەی کە تێی ئاخنراوە، ولایەتی موسڵ، بەغداد و بەسرە. لەم ڕێکخستنەدا هەر گەلێک، کورد، عەرەبی سوونە و عەرەبی شیعە دەنگ بۆ پەڕلەمانی خۆیان دەدەن. شێوازێک لە حکومەت لەم سێ پەڕلەمانانە دەکرێ دابمەزرێ. بۆ نموونە هەریەک لە سێ پارچەکە، بە ژمارەیەک سەرباز بەشداری بکەن لە لەشکری دەوڵەتدا؛ عێراق بکرێتە هەرێمێکی ئابووری ئازاد بۆ هەموو پارچەکانی و هاوکاری نزیکی ئابووری و ئاسایش لەنێوان پارچەکانیدا بکرێ. خۆ ڕەنگە پێکهاتەیەکی نزیک بەوەی یەکێتی ئەوروپا نابەجێ نەبێ. ئەم پێکهاتەیە دەکرێ بۆ چەند ساڵێک، بۆ نموونە پێنج ساڵ، بەردەوام بێ. دوای ئەم دەمە، دەکرێ لەبەرچاوبگیرێتەوە.

بەڵام گەر چاوەنواڕ بکرێ دەنگ بۆ دامەزراندنەوەی حکومەتی نێوەندی بدرێ، زۆر زەحمەتە قەناعەت بە هیچ گەلێک لە گەلانی عێراق بهێنرێ. ئێستا لەوە دەچێ تەنیا ڕژێمەکانی ناوچەکە خورت بن لە یەکپارچەیی عێراق، نەک گەلانی عێراق.

هۆکاری مێژووی زۆرن کە بۆچی حکومەتێکی نێوەندی دیمکراتی لە عێراقدا چێنابێ و بەڕێوەناچی. مێژووی خوێناوی عێراق گەواهی دەدات. هیچ دەوڵەتێکی دیموکرات نیە لە جیهاندا سێ گەلی کلتوور جوودای وەک کورد، سوونە و شیعە تێدابێ و دەوڵەتێکی نێوەندی هەبێ. خۆ لەخۆڕا نەبووە کە بۆ مێژوویەکی درێژ، لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیدا، عێراق سێ ولایەتی جودا بووە.

سەرباری ئەمەش دامەزراندنی عێراق هەڵەیەکی مێژووی بوو تەنیا لەبەر بەرژەوەندی زلهێزەکانی ئەودەم دامەزرا. بەڵام لەو دەمەوە چەندین گۆڕانکاری بەسەر نەخشەی جیۆپۆلەتێکی جیهاندا هاتووە. کۆمەڵگای نێونەتەوەی چەندین سازدانەوەی نوێی (ئۆردەری نوێ) دیووە. بۆ نموونە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، جەنگی سارد لەنێوچوو، یەکیەتی ئەوروپا دامەزرا، هۆنکۆنگ دارێەوە بە چین و چەندین گەلی جیهان بوون بە دەوڵەت (نەتەوە)؛ هەندێکیان پرۆسەی ڕیفراندەمیان بەکارهێناوە بۆ بڕیاری "مافی چارەی خۆنووسین".

کورد دەبێ کەڵک لەم گۆڕانکاریانەی جیهان وەربگرێ بۆ بەرژەوەندی خۆی. کورد زەرەرمەندی یەکەم دەبێ لە دامەزراندنەوەی عێراقدا. ئەم گۆڕانکاریانە خۆرهەڵاتی نێوەندی نەگرتووەتەوە، کە عێراق بەشێکێتی. کەچی کە دەرفەتی گۆڕان هاتووەتە پێشەوە، کورد لەهەموو لایەک خورتترە بۆ "داڕشتنەوەی عێراق". عێراقی خەڵتانی خوێن تەنیا بە خەڵتانی خوێن دادەڕێژرێتەوە.

کورد، سەرکاروانی دامەزراندنەوەی عێراقی عرووبە، قوربانیی یەکەم دەبێ لە داڕشتنەوەی عێراقدا.

*ئەمە کورتەی یەکێک لە ڕەهەندەکانی کۆڕێکە کە بۆ نووسەر و ڕێزدار شۆرش حاجی ڕکێخرا بوو لە لەندەن – هۆڵی کوردستان، 26 نۆڤەمبەری 2004.*

دکتۆر ڕێبوار فەتاح، دارێکتەری کوردیش میدیایە، rebwar@ikurd.com

لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە 201 لە 1 دیسەمبەری 2004دا بلاوبووەوە:
http://www.hawlati.com/archive/year2004/issue201/2001-201_15.pdf